## د. جانپ یەڵدرم کەسایەتی ئەکادیمی لە ئەنقەرە بۆ گوڵان:



# ئاڵۆزیی و قەیران هەموو کات نابێتە مایەی شەڕ و پێکدادان، هەندێ جار گرێ و گۆڵەکانیش دەکاتەوە

**پ. د. جانپ یەڵدرم، لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٥ ی شاری ئامەد، پارێزەر و سیاسەتمەدارێکی ناوداری کوردە، خوێندنی باڵای یاسای نێودەوڵەتی لەپاریس تەواوکردووەو هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لەزانکۆی مۆپیلیای فەرەنسا. ناوبراو لەبارەی پێشڤەچوون و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێراق و تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوین تێڕوانینەکانی وردتر و واقیعیانەتر بوو. بۆ ئەم مەبەستە گوڵان لەگەڵ بەڕێزیان چەند تەوەرێکی جیاجیای تاوتوێ کرد.**

### تورکیا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لەقوڵکردنەوەی ململانێی کەرکووکدا

**پرسی کەرکووک ئەمڕۆ بەقۆناخێکی دژوار و سەختگیردا تێدەپەڕێ، لەلایەک بەهۆی خەمساردی حکوومەتی مالیکی و لەلایەکی دیکە بەهۆی دەستێوەردانی لایەنە شۆڤێنییەکانی و چاوتێبڕینی وڵاتانی ئیقلیمییەوە، ئەمەش وایکردووە ئەو شارە ستراتیژییە ببێتە سەنتەری ناکۆکی و ململانێی سیاسیی، بەهۆی پێکهاتەی مۆزائیکی و بایەخە ئابوورییەکەی. ئەم هەلومەرجەش وای لەکەرکووک کردووە گرنگییەکی جیهانی ببێت و ئەو پرسە ڕەهەندێکی نێونەتەوەیی وەربگرێ و دۆخی ئەو شارە پتر لەمۆڵەقدا بمێنێتەوە. بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو پرسە بەڕێز د. جانپ یەڵدرم هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لەزانکۆی مۆپیلیا، کە لەئەنقەرە دادەنیشێ، گۆشەنیگای خۆی بەمشێوەیە ڕوونکردەوە:**

پێموایە هەموو وڵاتانی دەوروبەر ئەو هەقیقەتە دەزانن کە کورد قەد ئامادە نابێ واز لە کەرکووک بهێنێ. بەو پێیەی پێشتریش مەلا مستەفا بارزانی تووشی کێشەیەکی گەورە بووە لەسەر کەرکووک، بەڵام دەزانین نەوتی کەرکووک بۆتە ئەو هۆکارەی کە بەریتانیا بەهۆیەوە ویلایەتی موسڵ کە کەرکوویشی لەخۆدەگرت، خستە سەر عێراق. لەبەرئەوە بەریتانیا وای دادەنا کە تورکمانەکان هاوسۆزن لەگەڵ تورکیادا و مەترسی نین بۆ سەر بەرژەوەندییە گرنگەکانیان، چونکوو کەمینەیەکن و دەکەونە نێوان دوو نەتەوە سەرەکییەکەی کورد و عەرەبەوە. ئەم بۆچوونە ئەوە نیشاندەدات کە تورکیا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لەململانێی کەرکووکدا، بەگوێرەی فاکتۆری مێژوویی و جوگرافی و ئەو هێڵە بازرگانییەی کە هەردوو ئیمپراتۆرییەتی سەفەوی و ئۆسمانلی بەیەکەوە دەبەست و بەهێڵی سوڵتانی ناوزەد کرابوو، هەر لەدیاربەکرەوە بۆ تەلەعفەر و موسڵ و هەولێر و کەرکووک و دیالە و خانەقین درێژ دەبووەوە، ئینجا بەرەو کرمانشان و وڵاتی هیندستان. هەر بەهۆی ئەم ڕێگەیەشەوە تورکیای ئۆسمانلی ژمارەیەکی زۆری تورکی بۆ دەڤەرەکە هێنا، بۆ پارێزگاری ڕێگاکە و پشوودانی کاروانەکان، کە لەمبەر و لەوبەری ڕێگاکە نیشتەجێی دەکردن.

لەم سۆنگەیەوە، دەبێ بزانین گەڕانەوەی کوردە ڕاگوێزراوەکان بۆ سەر کەرکووک شتێکی نۆرماڵە، کە تورکیا دەیەوێ لەبەرامبەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی قەبەی بکات و بێ بنەما دەیوروژێنێ، هەروەک دەخوازێ بەهاوکاری بەرەی تورکمانی لەکەرکووک قوڕەکە خەستتر بکاتەوە و کێشەکان ئاڵۆزتر بن گوایە تورکمانەکانی ئەو شارە لەسەر دەستی کوردان دەچەوسێنرێنەوە و، ڕەوشی کەرکووک ڕوو لەخراپییە بەهەۆی نەبوونی ئاسایشەوە. هەروەها لەئێستاوە دەیانەوێ شاندێک ڕەوانەی کەرکووک و بەغدا بکەن بۆ لێکۆڵینەوە و کۆنترۆڵکردنی تاپۆ و ئەوراقی ڕەسمی کەرکووکییەکان، کە نیازی تورکیا لەو هەنگاوەدا پتر قوڵکردنەوەی کێشەکان و لەمپەر خستنە

بەردەم جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ە، کە حکوومەتی ئەنقەرە زۆر پێوەی سەغڵەت و نیگەرانە.

لەلایەکی دیکەوە، مالیکی لەبەرنامەی حکوومەتەکەیدا باسی ئەوەی کردووە کە پابەند دەبێ بەجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و ئاسانکاری بۆ دەکات، کەچی بەپێچەوانەی گفت و بەڵێنەکانییەوە بەکردەوە خەریکە رۆژ بەڕۆژ ئاستەنگ دەخاتە بەردەم جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە و ئاسانکاری و کۆمەکی پێویستیش بۆ لیژنەی باڵا پێشکەش ناکات. دیارە ئەو هەوڵانەی مالیکی لەپشت پەردەوە دەیاندات بۆ ئەوەیە لەکاتی هەنگاو هەڵگرتن بۆ رێکخستنەوەی نەخشەی دیمۆگرافی کەرکووک پێکهاتەکانی شارەکە بەگژ کورددا ببات، بەو مەرامەی رێگای بەردەم پرۆسەی ئاساییکردنەوە درێژ ببێتەوە و هەلومەرجی ئەوتۆ بێتەکایەوە کە خۆیان لەجێبەجێکردنی ماددەکە بدۆزنەوە بۆئەوەی چەند بەهانەیەک بدۆزنەوە تاکو پرۆسەی ریفراندۆم بۆ کاتێکی دیکە دوابخرێت. بەڵام دەبێ لایەنی کوردی لەکۆشش و هەوڵەکانیان رژد و مکوڕ بێ لەسەر یەکلاکردنەوەی دۆسێی کەرکووک لەکۆتایی ئەمساڵدا بۆ لەبەریەکهەڵوەشانەوەی هەموو پلانەکان کە نەیارانی ئەو ماددە دەستوورییە لەبەردەم لیژنەی باڵای ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک دروستی دەکەن.

**هەروەها ناوبراو لەبارەی هەڵوێست و ئاخاوتنەکانی سەرۆکی کوردستان و هەڕەشەی هەندێک لەکاربەدەستانی تورکیا لەسەر هەرێمی فیدراڵی کوردستان گوتی:**

بەبۆچوونی من گەلی کورد زۆر لەو گوتەیە سوودمەند بوو، بەهۆی ئاخاوتنەکانی سەرۆک بارزانی دوژمنانی کورد تێگەیشتن کە کورد، کوردی جاران نییە، بەڵکو ئەمڕۆ خاوەنی هێزێکی سیاسیی و ئەقڵانین و هیچ لایەنێکیش ناتوانن کوردان بەزۆر و هەڕەشە ملکەچی داخوازییەکانیان بکەن. بەڵێ، لەبارەی چەند قسەیەکی سەرۆک بارزانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا بارگرژی پەیدابوو، من دەڵێم شتێکی باش بوو کە ئەو ئاڵۆزییە دروستبوو، چونکوو ئاڵۆزیی هەموو کات نابێتە مایەی شەڕ و پێکدادان، هەندێ جار رێگای داخراویش دەکاتەوە. لەپەرچەکردارەکانیاندا دەسەڵاتدارانی تورک سەلماندیان کە بەهیچ کلۆجێک توانای ئەوەیان نییە خۆیان لەتەوقی کۆنی نەژادپەرستی و دەمارگرژی نەتەوەیی و غروری کۆنیان رزگار بکەن.

پێمـوایە، هەرچەندە ئەو رەوشە دژوارە بەردەوامیش بێت، لێرە بەدواوە پێویستی یەکێتی نەتەوەیی کوردان دێتە گۆڕێ. بێگومان یەکێتی رێزەکانی گەلی کورد بەهەست و هۆشیاری نەتەوەییەوە گرێدراوە، بەگوێرەی هەلومەرجی ئەمڕۆی ناوچەکەش رێگای یەکخستنەوەی ماڵی کوردی بە هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێ. لەبەرئەوە ئیلتزامێکی سیاسیی و ئەخلاقییە کە هەر کوردێک پاڵپشتی لەو قەوارەیەی کوردستان و هەڵوێستەکانی سەرۆک بارزانی بکات. ئەگەر هەر کەس و لایەن و رێکخستنێکی سیاسیی کوردستانی لەو رۆژە سەختگیرانەدا لەپاڵ هەڵوێستەکانی سەرۆک بارزانی بێ و هاودەنگ بن لەگەڵیدا ئەوا رۆژێک زووتر هەورە رەشەکە لەسەر کوردستان نامێنێت.

### ستراتیژی ئەمریکا لەعێراق پابەندە بە هەیمەنە و سەرمایەگوزارییەوە

**زۆرجار گوێبیستی ئەو گوتەیە دەبین کە دەڵێ: "ئەمریکا لەهەر شوێنێکی دنیا بێت، تیرۆریزم لەهەمان شوێن ئامادەگی دەبێ". لەم سۆنگەیەوە هەندێک لەشارەزایان و چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە بەشێک لەو تیرۆرەی لەشوێنگە جیاجیاکانەوە رووی لەخانەکانی ئەمریکا کردبوو، هەمووی لەعێراق کۆکرایەوە، بەو مانایەی ئەمریکا هەموو بەرەکانی شەڕی دژە تیرۆری هێنایە نێو عێراق بۆ یەکلاکردنەوەی حساباتی خۆی، لێرەدا دەکرێ بپرسین لەئەگەری پاشەکشێی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق تاچەند مەترسی و هەڕەشەی تیرۆریزم لەرۆژهەلاتی ناوین و عێراق دووردەکەوێتەوە، لەمبارەیەوە بەڕێز د. جانپ یەڵدرم هەڵوێستی ئەمریکا لەبەرامبەر کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراق بەمشێوەیە تەفسیر دەکات:**

تیرۆریزم بۆتە دیاردەیەکی نێودەوڵەتی، بەو مانایەی کە جیهانگەرایی هەیە و ئەمریکاش خۆی سەرکێشی ئەو پرۆسەیە دەکات. بۆیە لەهەر شوێنکدا هەر دیاردەیەک پەیوەست بێت بەئەمریکاوە ئەوا جیهانگیری کاریگەری دەبێت. لەدنیای ئەمڕۆشدا زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو چ لەڕووی تەجرەبە و چ لەڕووی تەکنەلۆژیاوە نەیانتوانیوە ببنە بەربەست لەبەردەم تیرۆریزمی نێودەوڵەتی. لەبەرئەوە دەبینین لەدوای ١١ ی سێبتەمبەرەوە تیرۆر پەیوەست بووە بەئەمریکاوە، کەواتە پرۆسەی جیهانگەرایی کاریگەری بەرچاوی دەبێت بەو ئیعتیبارەی لەسەرانسەری دنیادا هەژموون و بەرژەوەندی ئەمریکا هەیە.

سەبارەت بەرەشەبای تیرۆریزم لەئێراقدا، پێمـوایە بەترسناکترین و ئاڵۆزترین دۆخی قەیراناوی تێدەپەڕێ، بۆیە من وای دەبینم

## ستراتیژی ئەمریکا لەعێراق پابەندە بە هەژموونگەرایی و سەرمایەگوزارییەوە

بەکشانەوەی ئەمریکا لەکۆتایی ٢٠٠٨ هەندێک لەکێشە و مەترسییەکان کەم ببنەوە، بەڵام کێشە و ئاڵۆزییەکانی عێراق بەیەکجاری چارەسەر نابێت و بەشێکی زۆری ئەو گرفتانە بەهەڵواسراوی دەمێنێتەوە، چونکوو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەعێراقدا بە بەردەوامی دەمێنێتەوە. لەبەرئەوەی ئەمریکا بۆ چاوی رەشی عێراقییەکان نەهاتۆتە ناوچەکە، بەڵکو بەرژەوەندی سیاسیی و ئابووریی ستراتیژیی دوورمەودای هەیە لەناوچەکە. ئەو کەسانەی وا بیردەکەنەوە کە بەرژەوەندی ئەمریکا لەعێراق تەنها بریتییە لەنەوت ئەوا بەهەڵەداچوون. بەبۆچوونی من بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەعێراق لەدوو خاڵی سەرەکیی سەرچاوە دەگرێ.

**یەکەم:** ئەو خاڵەی پەیوەستە بە نەوتەوە، ئەمریکا نەوتی عێراقی بۆ خۆی ناوێت و ناتوانێ دەستکاری نەوتی عێراق بکات، بەڵام ئەمریکا دەتوانێ کۆنترۆڵی نەوتی عێراق بکات. کۆنترۆڵ لەفرۆشتنی، کۆنترۆڵ لەدەرهێنانی، کۆنترۆڵ لەئاراستەکردنی، کۆنترۆڵ لەخستنە بازاڕ و نمایشکردنی و ... تد. بۆیە ئەمریکا نەوتی عێراقی وەکو نەوت گەرەک نییە چونکوو نەوت کەلوپەلێکی نێودەوڵەتییە و بەدزی نافرۆشرێ. بۆ نموونە ئێستا هەر هاووڵاتییەکی عێراقی لەماڵەکەی خۆی دەتوانێ بەهای داهاتی نەوت لێک بداتەوە و، رەنگە پشکی خۆشی لێ دەربهێنێت. لەبەرئەوەی عێراق وڵاتێکی بەرهەمهێنەری نەوت و ئەندامی رێکخراوی جیهانی (OPEC)ە، بۆیە هەموو ئەو نەوتەی دەیفرۆشێت دەبێ لەرێگەی گرێبەندێکی ئابووریی و بازرگانییەوە بێت، بە سەفقەیەکی دیاریکراو بفرۆشرێت نەک بە قاچاخ و رێگە ناشەرعییەکانی دیکە. بۆیە

ئەمـریکا دەخوازێ بازاڕی نەوت کـۆنتـڕۆڵ بکات و لەڕێی عـێـراقـەوە بازاڕەکـە لەبەرژەوەندی خـۆی قـۆرخ بکات، چونکوو ئەمریکا پتر چۆنییەتی دابەشکردنی نەوتی گەرەکە.

**دووەم:** دارشتنی ستراتیژییەتی خۆیەتی لەبەرامبەر عـێـراق و ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتیی...

لەبەرئەوە بەتێگەیشتنی من ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەعێراق دوو تەوەری سەرەکیی بە بنەما وەردەگرێ:

**تەوەری یەکەم (هەژموونگەرایی):** ئەمریکا دەخوازێ لەڕێی عێراقەوە هەژموونی خۆی بەسەر تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بسەپێنێت. بێگومان لەژێر چەمکی هەژموونگەراییشەوە دەیان مەبەست و مەرامی دیکە هەیە، وەکو هەژموونی فیکریی، هەژموونی کولتووریی، هەژموونی سیاسیی، هەژموونی سەربازی و ...تد.

بۆیە ئەمریکا دەخوازێ عێراق بکاتە پنتی دەربازبوون و پەڕینەوە بۆ هەموو لایەنەکانی دیکە، ئەمەش خاڵێکە ئەمریکا زۆر بەووردی و لێزانانە چاودێری دەکات و ستراتیژی دوورمەودای خۆی لەسەر ئەم بنەماگەیە فۆرمیلە کردووە. لەبەرئەوە پێموایە ئەمریکا بەهیچ کلۆجێک پاشەکشێ لەو هەقیقەتە ناکات و ئامادەش نابێ بەهیچ شێوەیەک گیانی خۆی لەبەرامبەر هەژموونگەرایی بداتە شکست.

**تەوەری دووەم (پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و سەرمایەگوزاری):** ئاوەدانکردەوە و وەبەرهێنان گرنگترین پرسە کە ئەمریکییەکان پێوەی سەرقاڵ و هیلاکن، ئەوان بە هیچ کلۆجێک ئامادە نین سازش لەسەر ئەو خاڵە بکەن. ئێوە دەبینن کە ئەمریکا لەگەڵ ڕووسیا لەسەر ڕێژەی بەشداربوونی لەچۆنییەتی بونیادنانەوەی عێراق شەڕ دەکات، هەروەها دانوستان لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکانی وەک فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتالیا و ژاپۆن و کۆریای باشوور دەکات. واتە خەریکی ئاڵوگۆڕی سیاسەت و بەرژەوەندییە لەبەرامبەر مەسەلەی ئاوەدانکردنەوە و بەگەڕخستنی سەرمایەگوزاری لەعێراقدا، لەبەرئەوە بینیمان گەورەترین کۆمپانیای جیهانی وەکو باکتێلی ئەمریکی کە لەژێر چەتری ئەو کۆمپانیایەدا نزیکەی ١٠٠ کۆمپانیای ئەمریکی خەریکی جووڵە و کارکردن و چەندان کۆنتراکتی جۆراوجۆریان پێبڕاوە خەریکی جموجۆڵی سەرمایەگوزارین هەرچەندە کە بەهۆی تیرۆرەوە ئەو پرۆسەیە هەندێک دواکەتووە. من لێرەدا نموونەیەکتان



## ناسنامە و ئینتیمای عێراقیبوون لەناچاری هاتووە کاتی ئەوە هاتووە عێراقیبوون دووبارە پێناسە بکرێتەوە

بە بیر دەهێنمەوە ڕەنگە کۆی ئاخاوتنەکانم پشتڕاست بکاتەوە. دەبینین ڕۆژانە ئەو هەموو سەرباز و دەرەجەدارەی ئەمریکا لەعێراق دەکوژرێن کەچی لەنێو ناوەندە سیاسیی و ئیعلامییەکانی ئەمریکا ئەوەندە ئەرزشی نەبوو بە قەد ئەوەی کاتێک ٤ بەڵێندەری ئەمریکی لەفەلوجە کوژران و سووکایەتی بە تەرمەکانیان کرا. لەبەرئەوە ئەمریکا دەیزانی ئەوانە خاوەنی کۆمپانیای وەبەرهێنانن لەعێراق و ئەگەر بێتوو چاوپۆشی لەو ڕووداوە بکردایە ئەوکاتە هیچ کۆمپانیایەکی دیکە ئامادەنەدەبوون لەبارەی عێراق گرێبەند مۆر بکەن و بەشداری پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق بکەن، بەمەش پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و سەرمایەگوزاری لەعێراق بەپێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکەوتەوە و لەژێر کۆنترۆڵیان دەردەچوو.

لەبەرئەوە من وای دەبینم، ستراتیژییەتی ئەمریکا پتر هەڵقولاوی ئەو دوو تەوەرەیەو، پێموایە ئەمریکا بەهیچ شێوەیەک تەنازول لەو دوو ئامانجە ستراتیژییەی خۆی ناکات.

### کورد هیچ نەبێ لەزەتی ئەوەی لەعێراقی نوێ بینیوە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و تاکرەوی سیاسیی لەگۆڕنران

**ئێمە نابێت چاوپۆشی لەو ڕاستییە بکەین کە کولتووری گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەپلەی یەکەم ڕێگەخۆشکەر بووە لەبەردەم تەشەنەسەندنی دیاردەی تیرۆریزم لەناوچەکە، بۆیە هەندێک لەبیرمەندانی ڕۆژئاوا ئەو تیرۆرەی عێراقیان وەک "تیرۆریزمی ڕۆژهەڵاتی ناوین" ناوزەد کردووە.. لەبەرئەوە لەکۆمەڵگایەکی میلیتاریزەکراوی وەک عێراق کە زهنییەتی تاکەکانی بەکولتووری تۆڵەسەندنەوە و گومانلێکدی کردن بارگاوی کرابێ داخۆ تا چ ئاستێک زەمینەی ئەوە دەخوڵقێ لێبووردەیی و سەقامگیریی بگەڕێتەوە نێو پانتاییەکانی ژیان؟ پەیوست بەم مژارە گرنگە د. جانپ یەڵدرم بەمشێوەیە تێڕوانینی خۆی خستەڕوو:**

من پێموایە، بەو پێکهاتە ئاڵۆزەی عێراق لەڕووی ئیتنی و تائیفی و ئایینییەوە هەرگیز زەمینەسازیی بۆ ئاسایش و ئۆقرەگیری بەدی ناکرێ، پێموایە بەشێک لەو فەوزا و پشێوییەی عێراق لەئەنجامی ئەو ئازادییە بەربڵاوەیە کە دوای ڕووخانی پەیکەری سەددام لەعێراق هاتەکایەوە. دەبینین ئەمڕۆ شەپۆلێکی گەورەی ڕاگەیاندن لەعێراق هەیە، لەهەموو شوێنێک ڕۆژنامە دەردەچێ و کەناڵی تەلەڤزیۆنی دەکرێتەوە کە بەداخەوە زۆربەیان هانی توندوتیژی دەدەن لەعێراق و بوونەتە بەشێک لەقوڵکردنەوەی سەرەڕۆیی و ستەمکارییەکان. تەنانەت لەنێو خودی پەرلەمان و حکوومەتی عێراقیشدا کەسانێک هەن بەهەمان نەفەسی سەددام و ڕاگەیاندنی بەرهەمێنی تیرۆر قسە و جموجۆڵ دەکەن. دیارە ئەو ئازادییەی کە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس پەیدابوو پتر لەئەنجامی ئەو پەستانە بێ مانایە بوو کە پێشتر بەدرێژایی ٣٥ ساڵی ڕابردوو حیزبی تاکرەو و سەردەست لەعێراق بەکاریهێناوە.

ڕەنگە ئێستا ئەو پاڵەپەستۆ و گوشارەی کە بەجارێک لادراوە ئاڵۆزییەکی گەورەی هێنابێتە پێشەوە، لەبەرئەوە پێموانییە گەلانی عێراق وا بەئاسانی بگەنە کاروانی دیموکراسییەت و پلۆرالیزم و سەقامگیری سیاسیی لەبەرئەوەی وا هەستدەکەین ئەو چوارچێوە سیاسیی و نیشتمانییەی کە ناوی عێراقە درز و کەلێنی گەورەی تێکەتووە، بەو

مانایەی ئەمڕۆ ئینتیمای عێراقی بوون لەعێراق بەرەو کاڵبوونەوە چووە و شوناسی عێراقیبوون شوانسێکە پتر لەناچاری هاتووە، بۆیە ئەمڕۆ ئەو شوناسە لەقەیرانێکی قوڵدایە.

هەرچەندە ئێمە دەبێ هێما بۆ ئەو ڕاستییە بکەین کە ئەو پرۆسەیەی ئێستا لەعێراق دەست پێکردووە بەشێکی زۆری گەلانی عێراق و لەنێویشیاندا بەپلەی یەکەم نەتەوەی کورد لەزەتی ئەوەی لێ بینیوە کە تۆتالیتاریزم و حوکمی تاکڕەویی لەعێراق کۆتاییهات. بۆیە ڕووخانی ڕژێمی سەددام دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ گەلی کورد، چونکوو ئەمە بەهەرەسهێنانی شورای ناسیۆنالیزمی عەرەبی و هزری شۆڤێنی لەرۆژهەڵاتی ناوین دادەنرێ، کۆتایی لەگۆڕانی تاکڕەوی سیاسیی بوو، هەموو ئەمانە کۆمەڵە دەستکەوتی گرنگن بۆ گەلی کورد. بەڵام ئایا ئەو دەستکەوتانە لەسەر ئاستی عێراق بەچ شێوەیەک دەچێتە پێشەوە؟ پێموایە ئەگەر ئاژاوە و بارگرژی و قەیرانی سیاسیی لەعێراق درێژەی کێشا ئەمریکا ناچار دەبێت هەندێ سازش بکات و هەل بۆ دەسەڵاتێکی نامەرکەزیی و کۆنفیدراڵی بڕەخسێنێ، ئەگەر بڕیای شەکەتکردن و لەتکردنی جەستەی عێراقی وەرنەگرتبێ.

## کورد مافی خۆیەتی پێگەیەکی بەهێزی هەبێت لەهاوکێشەی حوکمڕانی عێراقدا

**ئەمڕۆ کورد ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لەڕەنگڕێژکردنی داهاتووی ژیانی سیاسیی عێراق دەگێڕێ و بۆتە یاریکەری سەرەکی لەیاری سەرلەنوێ بونیادنانەوەی عێراقی نوێدا، لەم نێوندەدا دەکرێ بپرسین ئایا ناز و ڕێزگرتن و حورمەتی کورد لەهاوکێشەی سیاسیی عێراقدا لەدیدی ئەمریکییەکان هەتا کوێیە؟ لەبەر چییە؟ لەوەڵامی ئەو پرسیارە د. جانپ یەڵدرم گوتی:**

لەڕاستیدا، هۆکارگەلێکی سەرەکیی هەن وا دەکەن ڕەنگە وا لەئەمریکییەکان بکەن گوێ بۆ ئیرادە و داخوازییەکانی کورد شل بکەن، بەڵام نەک لەهەموو ئامانج و خەونەکانی. من لەو باوەڕەدانیم جارێکی دیکە ئەمریکا پشت لەمەزڵومییەتی کورد بکات. بەڵکو قەناعەتێک لەنێو بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکی دروست بووە کە بەڵێ کورد نەتەوەیەکی بندەست و ستەملێکراوە،



## تائێستا سیاسەتی ئەمریکا لەخزمەتی مانەوەی عێراق بووە بە گەورەیی و یەکپارچەیی

بۆیە مافی خۆیەتی پایە و مەکانەتێکی بەهێزی هەبێت لەهاوکێشەی حوکمڕانی عێراق و ناوچەکەدا. ئەگەر ئەمریکا باسی کیمیابارانی هەڵەبجە نەکات چۆن پاساو بۆ جەنگی عێراق بهێنێتەوە تا پەنجەی تاوان بۆ سەرانی ڕژێمی پێشوو درێژ بکەن؟ ئەی ئەگەر باسی ئەنفال و ژینۆسایدی کورد نەکەن لەکوێ بەرپرسانی ڕژێمی بەعس بەپیاوکوژ و مەرگدۆست دابنێن؟ لەبەرئەوە پێموایە ئەمڕۆ کورد بۆتە دەستهاوێژ و دیکۆمێنتێکی گرنگ بەدەست ئەمریکاوە لەبەرامبەر ستەمی ناوخۆیی دەسەڵاتی سیاسیی لەعێراقدا، بەڵام ئایا ئەمریکا ئامادەیە گوێ لەخواستەکانی کورد بگرێت؟ لەو باوەڕەدام نەخێر، ئەمریکا گوێ لەتەواوی داخوازییەکانی کورد ناگرێ، چونکوو دەبینین ئەمریکا تائێستا وەک یەک ستاتۆ و یەک پارچە تەماشای عێراقی کردووە؟ ئەوە نەغمە و دەهۆڵەی ناسیۆنالیزمی تورکی و عەرەبی و تەیاری ئیسلامی دەیکوتننەوە، هەمووی قسەی سەر زارەکییە و پووڵێکی قەڵب ناکات. ڕەنگە ئەو قسەیە ڕاست بێت ئەمریکا بیەوێ لەبەرامبەر ئیسرائیل وڵاتانی دەوروبەر بچووک و بێ کاریگەر بکات، بەڵام کاتێک کە خۆی ڕابەر و سەردەستە ناهێڵێ وڵاتەکە بچووک بێت، بەڵکو تائێستا سیاسەتی ئەمریکا لەخزمەتی مانەوەی عێراق بووە بە گەورەیی و یەکپارچەیی. بۆیە من پێموایە کورد نازی لەسەر ئەمریکا هەیە لەبەر ڕابردووی تاڵی خۆی و ئەزموونی خیانەتکارانەی کۆشکی سپی لەبەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی..

من وای دەبینم کورد پتر لەبەر ئەو خاڵانەی خوارەوە گوێ بۆ ئیرادە و ویستەکانی شل دەکرێ:

**یەکەم:** لەنێو سەرکردەکانی عێراقدا هەردوو بەڕێزان مسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، لەنێو سەرکردە هەرە دیار و لێوەشاوەکانی عێراقن کە سەنگ و قورسایی خۆیان هەیە و تائاستێکی باڵا گوێ لەبۆچوونەکانیان دەگیرێ و، هەر جۆرە ئینسیاتیڤ و دەستپێشخەرییەک بکەن بەئاسانی دەچێتە پێشەوە و دەبێتە ئەژێندا و پرۆژە، چونکوو کەس نییە لەڕوویان بوەستێ و هۆیەک نییە بەرەنگاریان بێتەوە.

**دووەم:** کورد لەعێراقدا توانیویەتی ناوچەیەکی هێمن و دوور لەمەترسی و سەرئێشە بۆ ئەمریکییەکان فەراهەم بکات، کە ئاسایش و سەقامگیری تێدا بەرقەرارە. هەروا مۆدێلێکی نیمچە دیموکراسی سەرکەوتووشی بونیادناوە. ئێستا لەهەر سێ پارێزگاکە و لەو پانتاییە گەورەیەی کە لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا هەیە لەوانە بوو هەزاران ناوەند و خانەی تیرۆریستی دروست ببوونایە، بەڵام وەک ئێستا تەماشا دەکەین کوردستان بۆتە عێراقێکی دیکە، دەڤەرێکی ئۆقرەگیر و ئاسمانێکی ئارامی هەیە. ئەمریکاش ڕووبەڕووی هیچ مەترسی و ئاستەنگێک لەو ناوچەیە نەبۆتەوە و خەرجییەکانی لەو هەرێمەدا زۆر کەمن.

**سێیەم:** ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بێ کێشە و گرفتن، تیرۆریستان بەدەگمەن دەتوانن دزەی لێوە بکەن، لەکاتێکدا لەناوچەکانی دیکەی عێراق سنوورەکان لەڕووی هاتنە ناوەوەی باندەکانی تیرۆر کراوەیە.

**چوارەم:** لەو ناوچەیەدا کورد بەئاشکرا و بەئیعلانکراوی وەکو هاوپەیمانی ئەمریکا لەشەڕی دژە تیرۆردا ناسراوە.

**پێنجەم:** کورد توانیویەتی بەچەندان شێواز و ڕێگای جۆراوجۆر هاوکاری و کۆمەکی ئەمریکا بکات لەپرۆسەی ڕزگارکردن و دووبارە بونیادنانەوەی عێراقدا.

کەواتە پێنج خاڵی هاوکۆیی و هاوبەش هەیە لەنێوان ئەمریکییەکان وەک هێز و دەسەڵاتی هاوپەیمانان لەعێراق و سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمی کوردستان. گرنگترین ئەو خاڵە ئەرێنییانەی کە کورد وەکو کارتی فشار بەدەستییەوەیە وای کردووە زیاتر بەتەنگ ئیرادە

و داواکارییەکانی بچن. هەروەک نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە لەپێش هەڵایسانی شەڕی عێراق کورد توانی زۆربەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق کۆ بکاتەوە و لەلای خۆی دالدەیان بدات و میکانیزم و پرۆژەی داهاتووی عێراق ڕەنگڕێژ بکەن، لەبەرئەوە کورد فەزڵی بەسەر زۆربەی هێز و لایەنەکانی عێراقی ئەمڕۆ هەیە و ڕەنگە ئەمانیش لەزۆر ڕووەوە ئامادەی هاوئاهەنگی کردنی کوردان بن.

### کورد بانگەشەی ئیمپریالیزمێکی نوێ ناکات مافی خۆیەتی هەڤاڵبەندی لەگەڵ ئەمریکا بکات

**لەسیاسەتدا ڕەچاوی ئەخلاقیاتی هاوبەش ناکرێت ئەوەندەی بەرژەوەندی هاوبەش بە بنەما وەردەگیرێ، لەم ڕوانگەیەوە هەندێ لەدەزگاکانی چاپەمەنی و چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە بەهۆی ئەو باڵادەستبوونی ئەتمۆسفێرە لەبارەی لەکوردستان هەیە کوردستان بۆتە خاڵێکی سەرەکی لەستراتیژییەتی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوین، لەبەرئەوە بۆتە ئەڵتەرناتیڤی پرۆژە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. بۆیە زۆرجار ناسیۆنالیزمی عەرەبی و تورکی، کورد بەداردەستی ئەمریکا و رۆژئاوا و "ئیمپریالیزم" دەزانێت.. لێرەدا دەخوازم بپرسم لەو بارودۆخە نێودەوڵەتییە و لەنێو ئەو ڕەوشە دژوار و سەختگیرەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا ئەگەر کورد خاوەنداریی لەشوناس و کولتووری خۆی بکات و ئەزموونی فیدڕالیزم دەوڵەمەندتر بکات، پێتوایە ئەمە تا چ ئاستێک مەشروعیەتی ئەو ئەزموونە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوەو وەک پلان لەدژی گەلانی ناوچەکە لێکدەدرێتەوە؟! پەیوەست بەم مژارە د. جانپ یەڵدرم بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی چڕ کردەوە:**

هەرچەندە من پێموانییە کە تائێستاش کوردستان لەخەیاڵی سیاسیی کۆنسێرڤاتیفە نوێکانی ئەمریکا بووبێتە پنتێکی سەرەکیی، بەڵام ڕەنگە لەشیکردنەوەی سیاسیدا ئەو شتە ڕاست بێت کە بەرژەوەندییەکانی کورد و ئەمریکا لەچەند خاڵێکدا بەیەکگەیشتوون. لەبەرئەوەی ئێستا لەسەر زەمینەی واقیعدا نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەب لەرۆژهەڵاتی ناوین لەدژی هەموو پرۆژە و پێشنیارێکی ئەمریکی وەستاونەتەوە "ئەمە وەک گروپ و لایەنی سیاسیی ئەگینا من ناتوانم بڵێم حکوومەتی ئەو وڵاتانە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکان"، بەڵام دەزانرێ کە زۆرجار ڕای گشتی ئەو وڵاتانە لەدژی هەبوونی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەناوچەکە تەیار دەکرێ. بەڵام لێرەدا ئەوەی مەزڵومە و لەپەراوێزدا ماوەتەوە نەتەوەی کوردە. لەبەرئەوەی کورد مێژووی هاوبەشی لەگەڵ نەتەوەکانی ناوچەکە مێژوویەکی خوێناوی بووە، هەروەک بەهۆی ئەو ناسیۆنالیستە توندڕۆ و سەردەستانەی وڵاتانی ناوچەکە لەهەموو لایەکەوە گەمارۆ دراون بۆیە هەمیشە بندەست و سەرکوتکراوە لەنێو نەتەوە باڵادەستەکاندا، بۆیە کورد مافی خۆیەتی کاتێک ئەمریکا زوڵمێکی گەورەی لەسەر هەڵماڵی ئەوا هەوڵی هاوئاهەنگ کردنی سیاسەتی خۆی لەگەڵ سوپەر پاوەرێکی وەک ئەمریکا بدات، لەبەرئەوە کورد ئەو گەلەیە کە پانتاییەکی فراوانی هەیە و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکا یەکانگیر بووە، نەک بەو مانایەی کە کورد خەڵکانێک بن داوای داگیرکاری و ئیستیعمار بۆ سەر ئەو وڵاتانە بکات. کورد لەدۆخی ستەم و چەوسانەوەدا ژیاوە، لەبەرئەوە ئەگەر هەر گەلێک لەنێو ستەم و چەوسانەوە ژیا ئەوا بەدوای فریادڕەسێکدا دەگەڕێ بۆئەوەی ئەو هەورە ڕەشەی لەسەر هەڵماڵی و رزگاری بکات، ئەگینا کورد بانگەشەی ئیمپریالیزمێکی نوێی لەبەردەم جیهانگەرایی نەکردووە بۆئەوەی جارێکی دیکە ئیرادەی تاکڕەوانە لەجیهاندا باڵادەست بێت، ئەمە شتێکی ڕەتکراوەیە و شکستێکی فیکریی و ئەخلاقی ناشرینە، بەڵکو باسی ئەو نەتەوە سەردەستانە دەکەین کە کورد لەژێر چەپۆکی ئاسنینی ئەواندا دەناڵێنێ، قسەمان لەسەر ئەو دەسەڵاتانەیە کەوا بەشێوەی نەتەوەپەرستێکی شۆڤێنی و دەسپۆتانە ئیرادەی خۆیان بەسەر گەلی کورددا دەسەپێنن. لەبەرئەوە ڕەنگە گەلی کورد ئەو نەتەوە بێت پاڵپشتی ئەمریکا بکات، ڕەنگە ئەمریکییەکانیش لەهزری خۆیاندا هەموو ڕەهەندەکانی ئەو هاوکێشەیان خوێندبێتەوە کە لەرۆژهەڵاتی ناوین گەلێکی بندەست هەیە پشتیوانی لەبۆچوونەکانی ئەمریکا دەکا. بەڵام ئایا گەلانی دیکە پێش کورد ناکەون هەروەک لای سایکس بیکۆ و دابەشکردنی دنیادا پێشی کەوتن، یان گەلانی دیکە زووتر بەرەو پیری داخوازییەکانی ئەمریکاوە بێن داکۆکی لەسەرخستنی نەتەوە و دەسەڵاتی ئامادە بۆ کورد بکەن. بۆیە دەبێت کورد زۆر ورد و ئەقڵانیانە هەنگاو بنێ و هەموو لۆژیک و دیبلۆماسییەتی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی گەمەی ترسناکتر نەبێتەوە چونکوو لەسیاسەتدا هەموو شتێک واریدە.

**بەبۆچوونی من گەلی کورد زۆر لەو گوتەیە سوودمەند بوو، بەهۆی ئاخاوتنەکانی سەرۆک بارزانی دوژمنانی کورد تێگەیشتن کە کورد، کوردی جاران نییە، بەڵکو ئەمڕۆ خاوەنی هێزێکی سیاسیی و ئەقڵانین و هیچ لایەنێکیش ناتوانن کوردان بەزۆر و هەڕەشە ملکەچی داخوازییەکانیان بکەن**

**ئەمریکا نەوتی عێراقی بۆ خۆی ناوێت و ناتوانێ دەستکاری نەوتی عێراق بکات، بەڵام ئەمریکا دەتوانێ کۆنترۆڵی نەوتی عێراق بکات. کۆنترۆڵ لەفرۆشتنی، کۆنترۆڵ لەدەرهێنانی، کۆنترۆڵ لەئاراستەکردنی، کۆنترۆڵ لەخستنە بازاڕ و نمایشکردنی و... تد**

**کورد ئەو گەلەیە کە پانتاییەکی فراوانی هەیە و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکا یەکانگیر بووە، نەک بەو مانایەی کە کورد خەڵکانێک بن داوای داگیرکاری و ئیستیعمار بۆ سەر ئەو وڵاتانە بکات**